**سیره: 21**

بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر، إن الأنسان لفي خسر،الا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر)

والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه.

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

له دەرسەكی تازە له حەلقەكی تازە له حەلقاتی ژیانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، دیسان ئەو جەمعە موبارەكە نەقل دەكەینە خزمەت ئەو خۆشەویستە عەظیمە، ئەو مامۆستا بەڕێزە، ئەو پێغەمبەرە نازدارە، محمد صلى الله عليه وسلم، بەعزە دروس له حەیاتی ئەو ئینسانە نازدارە وەردەگرین، وەكو عیبرەت له ژیانی خۆمان ئەمەی موحتاج، ئەمەی ضەعیف، ئەمەی كەم علیم، وەكو نیبراسەك مانگەك رۆژەك ئیقتیدا بەو پێغەمبەرە بكەین، له دونیا ببتە سەبەبی تەعاروفی خۆشەویستمان، له ئاخیرەتیش ببتە مایەی سەرفرازی.

دەرسی ئەوڕۆمان تەكمیلەیە لەبۆ دەرسی حەفتەی پێشی كە نیهایاتی حەلقەی حجز و نەفی پێغەمبەر بوو باسمان كرد، كە له كوتوبی سیرە ریجالاتی سیرە رەحمەتی خوایان لێبی بە كەلیمەی فیصال ناویان بردییە، یەك جزء لەو موعاناتەی كە پێغەمبەر و صەحابە تووشی بوون، ئەوڕۆ زیاتر ضەوء رۆشنایی دەخەینە دوو حالەت لە حالەتە بە ئەزیەتەكانی بە تەئثیر لەسەر قەلبی پێغەمبەری خۆشەویست صلى الله عليه وسلم، ئەویش: ئیبتیلائەكە نەوعەكی خاصە خصوصیەتەكەش لەوەیە بە نسبەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، نەفەرەك لە عەمودی فەقەری فەقەرەك لە عەمودی فەقەری پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم كە قەریبترین ئینسان بوو لەبۆی، مەصدەری خۆشی و سەعادەت بوو لەبۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، جێی ئونس بوو، هەر وەقتەك پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم موحتاج بایە بە شەحن كردن پاشی وەحی رەببانی خۆی دەهاوێشتە باوەشی ئەو ئینسانە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەو فەقد دەكا، ئەویش: خەدیجەیە خێزانی موبارەكی.

نەفەری دووەم: لە دائیرەی خاریجی ئیسلام ئەویش: زۆر لە خزمەتی محمد بووە، زۆر پشتی گرتییە ، زۆر حیمایەی كرد، زۆر بە پەرۆش بوو لۆوەی ئەو ئینسانە موبارەكە وەكو برازایەكی موقەدەر خۆشەویست تووشی ئەزیەت و ناخۆشی نەبی، ئەوە لە خاریجی دائیرەی ئیسلام بوو ابوطالب.

دێینه سەر یەکەمین: خەدیجە رەحمەتی خوای لێبی داکی موسڵمانان و موئمینین، یەکەمین خێزانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، بەعزە شتی لێ وەردەگرین کە موحتەمەلە لە سییەر زۆر رۆشن نە کرابی، ئەویش: ئەلف ئەو ئافرەتە کوو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیختیار و ئیستیفا کرابوو لە لایەن باری تەعالاوە لەبۆ هەڵگرتنی ئەو پەیامە ببتە پێغەمبەر، خەدیجەی مطهرة ئەوها ئیختیار کرایە لە خەریتەی باری تەعالاوە، چونکی لە قورئان باری تەعالا ذیکری حالی ناخۆشی و ئەشکە نجەی ئەو پێغەمبەرانە دەکا کە ئافرەتەکانیان کافر بووە، خۆی کە دەفەرمێ: (ضرب الله مثلا للذين كفروا امرأة نوح وامرأة لوط كانتا تحت عبدين من عبادنا صالحين فخانتاهما فلم يغنيا عنهما الله شيئا) (التحريم: 10) تەمەشای سیرەی ئەو دوو پێغەمبەرە نازدارە بکە حەتتا لە واقیعی حالیش موعناتیان ئەوەندە زۆر بووە لە جەبهەی خاریجی، بە ئەزیەت و غەم و خەفەت بووینە، تەمەننای ئەوەیان بووە کە دەچنە ماڵێ لە ماڵێ ئیسراحەت بکەن، ئافرەتەکی دل بە رەحم منداڵەکی بە شەفەقەت و بە لوطف باوەشیانی لۆ بکاتەوە، هەرچی ماندی بوون و ئەزیەتی رۆژە لە دەرێ لە ماڵ وەکو تۆزەك لەسەری داوەرێنن، ئەمما ئەو دوو پێغەمبەرە نازدارە بەعەکسەوە بووە.

کوو لە جەبهەی خاریجی لە حەرب دابووە لە جەبهەی داخیلی ئیجتیماعیش لەناو ماڵ ئەوها لە حە رب دابووە، لۆیە باری تەعالا لە قورئان ذیکریان دەکا، ئەگەر تەمەشای واقیعی حالیشیان بکەین سبحان الله حەتتا ئینتاجیان، ئینتاجیان لە نەوعی تەهیئە تەهیئەی ئینسان مەحدود بووە، هەر باری تە عالا لە قورئان دەفەرمی بە نسبەت حەزرەتی نوح: (وما امن معه الا قليل) لۆ؟ چونکی حەزرەتی نوح کوو لە خاریجی ماڵ لە جەبهەی خاریج طاقەکی زۆری صەرف کردییە لەبۆ دەعوە، لەبۆ سەبە ب بونی خۆی لەبۆ ئیسلام بە نسبەت موجتەمەع، ئەوهاش ئیحتاجی بەوەی بووە طاقە صەرف کا لە ناو ماڵیش، موحارەبەی کوفر بکا لەناو ماڵیش، ئەویش زۆر زەحمەتە ئینسان لەناو ماڵی دوژمنی هە بی، یەعنی حەتتا لە ئەسنای نوستنیش مورتاح نەبی، لە ئەسنای خواردن مورتاح نەبی، دەبی ئەو ئینسانە چەند جوهد صەف کا؟

ئەمما پێغەمبەری خۆشەویستمان صلی الله علیه وسلم ئەو ئیمکانیات و ریسالەتی پەیامەکەی لەبۆ چە ند ساڵەك و چەند جیلەك نییە، بەشکو لە خۆیەوە ریسالەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەعەددی تە صاعدی دەست پێدەکا هەتا ئەخیر ئینسان لەسەر وجود، ئیذەن دەبی حەیەوییەتی ریسالەی محمد ئەوە ندە بەقووەت بی هەتا ئەخیر ئینسان لەسەر وجود شەفافییەت و روناکی لەو بەرنامە و پەیامە وە ربگری.

ئیذەن لە سەدا پەنجای مەشاکلی پێغەمبەری ئیجتیماعی ئیقتیصادی دەبی باری تەعالا تەئمینی بکا، نەك وەکو پێغەمبەرەکانیتکەبی، لۆیە بە تەئکید ئەو قسەیەی دەکەم باری تەعالا کوو پێغەمبەری ئیصطیفاء کردییە لەناو هەموو بەشەرییەت ببتە هەڵگری ئاخیر ریسالەت لەبۆ بەشەرییەت، ئەوهاش حەزرەتی خەدیجەی هەڵبژاردییە لەبۆوەی ببتە شەریکی ریسالە و دەعوە لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیە وسلم، ئینسانی موئمین وە موئمینە وەکو مەدرەسە تەمەشای بکا و ئیستیفادەی لێبکا.

ئەو ئافرەتە نوقتەی باء: پێغەمبەری ناسییە پێشی پێغەمبەرایەتی وەکو پێغەمبەر، دەلیلمان هەیە پێغە مبەر صلی الله علیە وسلم لە غاری حیراء کە وەحی لۆ دێ طەبیعەتی ئینسانی دەگۆڕێ، تووشی حالەتەکی ترس دەبی، کە دەگەڕێتەوە کانە خەدیجە لە طولی زەمەن موراقەبەی ئەو ئینسانەی کردییە ، ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستەی لە ژێر میکرۆسکۆب دانایە، هەرچی صیفاتی ئیجابی هەبووە هە مووی ئیحصاء کردییە و لە بەرنامەجەك دانیایە، ئیدی وەکو پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم گەڕاوە لە غاری حیراء گۆتی: (زملون) لە ریوایەتەکیتکە فەرموی: (دثرون) فەرمووی: لەخۆم دەترسێم، خە دیجە پێیفەرموو: نەخێر مەترسێ، (والله لایخزك الله) ئیذەن خەدیجە پێشی ئەوەی پێغەمبەر بە پێغە مبەرایەتی خۆی بزانی خەدیجە دەیزانی ئەو ئینسانە پێغەمبەرە، لۆ؟ چونکی ئەو صیفەتانەی کە هە رچی ئینسانییەتەك هەیبوو لەو زەمان نیسەبی زۆر کەم بوو، لە سەدا سەدی زۆر کەم بوو، بەس لە محمد مەوجود بوو صلی الله علیە وسلم.

لۆیەش ئەو خۆی پێغەمبەری طەلەب کرد پێغەمبەر داوای بکا، خۆی بە زمانی خۆی لە پێغەمبەری داوا کرد بمهێنە بمکە خێزانی خۆت، چونکی لۆ؟ لە دروسی سابیق بەعزە برایان ئەگەر لەبیرتان مابی بەحسی ئەوەمان کرد کوو خەدیجە عەقلی تیجاری پێغەمبەری ئیمتیحان کردییە، چونکی پێغە مبەر صلی الله علیە وسلم فەترەك وەستای سەرکاری تیجارەتی خەدیجە بووە.

لە عەینی وەقت نوقتەی جیم: کوو ئیسپات دەکەین خەدیجە بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری زانییە؟ خە دیجە کچی مامی وەرەقەیە، ورق بن نوفل، ورق بن نوفل ئەو کابرایە زانایەك بووە لە زانایەکانی ئە هلی کیتاب، یۆنانی زانییە، عیبری زانییە، زۆر چاو کراوە و ئاگادار بووە لە کوتوبی موقەدەسە، لە تەورات و لە ئینجیل و، ئینجیلی صەحیحنەك ئەناجیلی موحەڕەف، لە قورئانی مەش باری تەعالا بە حسی ئەوەی دەکا کە دەگێرتەوە: لەناو ئینجیلی غێر موحەڕەف باری تەعالا بەحسی پێغەمبەری مەی کردییە و مواصەفات و صیفات و ئەوقاتەکەی هەمووی تێدا ذیکر کردییە.

ئەو مەجموعە ئینسانە عالیمانە لە عیلمی ئەدیان زانیتیان ئینسانەك بەدەر دەكەوی لەو زەمان و لەو مەكانە، مەكانەكە مەككەیە، زەمانەكەش (عام الفیل)ە لۆیە وەرەقە وەكو مومەثیلەك لەو مەجموعە ئینسانە چاو كراوە و زانایانە مومەثیل بووە لە مەككەی دانیشتییە، ئینتیزاری ویلادەت و بیعثەتی ئەو پێغەمبەرە نازدارە بكا، بەرقییە و تەوصییەی بنێری لەبۆ جەماعەت و عەناصری خۆی كە لە مەنطەقەی شام و فورس تەوزیع بووینە ئیعلامیان بكا كە ئەو پێغەمبەرە هاتە وجود، ریسالە و بیعثەتیشی پێدرا وەرن ئیمانی پێبینن لۆوەی ببتە سەبەبی نەجاتتان رۆژی قیامەت.

هەرچەند خەدیجە كە دەچووە ماڵی كوڕە مامی خۆی كە وەرەقە بن نەوفەل بوو، وەرەقە بەحسی ئەو پێغەمبەرەی لۆ دەكرد، كیهان پێغەمبەر؟ ئەو پیغەمبەرەی كە لە ئینجیلی صەحیح ذیكر كرایە، خەدیجە كە دەگەڕاوە ماڵێ نەفسی مواصەفاتی لە پێغەمبەری دەدیت صلی الله علیە وسلم، لۆیە یەكەمین ئینسان لە وجود پاشی پێغەمبەری كە خۆی ئیمانی بەخۆی هینا، دووەمین شەخص لە وجود خەدیجە بوو رەزای خوای لێبی، قەناعەتی تەواوی هەبوو (محمد رسول الله)یە صلی الله علیە وسلم، ئەو ئافرەتە پاشی ئەوەی كە عومری 40 ساڵ بوو ئیقتراب و زەواجی بوو لەگەر پێغەمبەر لە خزمەت پێغەمبەر بوو پێغەمبەر عومری 25 ساڵ بوو، 25 ساڵ لە تەحتە ریعایەی پێغەمبەر بوو، كەی فەوتی كرد؟ لە عام الحزن، لەو ساڵەی كە موعاناتی نەفسی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دەگاتە قیممە ، دەگاتە حەددی نیهائی.

ئەو ئافرەتە كە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم باری تەعالا لە قوئانیش ذیكری دەكا: (ألم یجدك یتیما فآوى، ووجدك ضالا فهدى، ووجدك عائلا فأغنى) ئەو ئینسانە موبارەكە هەرچی حوزن و ئەلەمی یەتیمی بوو باری تەعالا بە واسطەی خەدیجە لەبۆی ئیعادە كردەوە، هەرچی فەقیری بوو، دەست كورتی بوو، دیتبووی باری تەعالا بە واسطەی خەدیجە لۆی پڕ كردەوە، هەرچی موعاناتی نەفسی بوو لە موجتەمەع لە ئینسان لە كوفر تووشی دەبوو پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم خەدیجە لەبۆی پڕ دەكردەوە، وەكو ئافرەتەكی زۆر زیرەك زۆر زانا خێزانی بوو، لە عەینی وەقت وەكی داكی بوو حەنان و شەفەقەی دەدایێ، چونكی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم بە منداڵی داكی وەفاتی كردبوو، خوشكی بوو چونكی خوشكی نەبوو، برای بوو، هەرچی مواصەفاتی ئینسانی هەیە قەرابەت هەیە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لە خەدیجەی ئیستحصال و بە دەستی دەكەت، ئەو ئینسانە لە حائیجترین وەقت زۆر پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم فەقدی دەكا لەدەستی دەردەچی زۆر تەئثیر لە پێغەمبەر دەكا صلی الله علیە وسلم.

دووەمین: عائیشە بەحسی ئەوەی دەکا دەڕێ: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم چەند جار لە ماڵێ بە تە نێ دەبووین یان مەوزوعەك دەبوو حادیثەك دەبوو دەیگۆ: ئەها زەمانی خەدیجەش هەر ئەوها بوو، و(الله) خەدیجەش ئەوها ئەو ئیشە قەدەر بوو ئەها خەدیجەش شیوەکەی ئەوها دەبوو، هەموو ڕۆژ لە هەر حادیثەك ئەوەی تیکرار دەکردەوە، دیارە ئەثەری خەدیجە لە نەفسی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم زۆر بەقووەت بوو لەسەر نەفسی ذاتی پێغەمبەر، هەمووی لەسەر طەبعی ئینسانی و طەبعی ئیجابی ئەو ئافرەتەی دەلالەتە، هەتا عائیشە رضي الله عنها، دەڕێ: غیرە گرتمی ڕۆژەك گۆتم: دەبە سە هەتا کەینێ بەحسی دەکەی پیرێژنەك بوو، باری تەعالا لەوی زۆر چاکتر و زۆر باشتری لەبۆ تەصدیر کردی، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ڕەنگی سۆر هەڵگەڕا ڕەنگی تێکچوو، فەرمووی: قال ما أبدلنى الله عزوجل خيرا منها قد آمن بى إذ كفبى الناس وصدقتنى إذكذبنى الناس وواستنى بمالها إذ حرمنى الناس ورزقنى الله عز وجل ولدها إذ حرمنى أولا النساء راوەاحمد) یەعنی باسی صیفاتی ئیجابی ئەو ئافرەتەی، طەبعەن قیمەی صیفاتەکانیتی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بە حس دەکا ئەگەر بییەوێ صیفاتی بەحس بکات دەبی موذەکەراتی خەدیجە هەموو ئیعادە بکاتەوە لەبۆ عائیشە، ئەثەری حوببی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بە نسبەت خەدیجەی زۆر بووە، حەتتا دیارە ئەثەری ئەو ئافرەتە لە نەفسی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەقووەت بووە، فوجئەتەن باری تەعالا لێی وەردەگری، لێوەرگرتنەکە موفاجیء بووە بەنسبەت پێغەمبەری لۆیە زۆر تەئثیری لێدەکا.

شەخصی دووەم: کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەقدی دەکا ئەویش ابوطالبە، کە فیعلەن پشتگیری محمد بوو نەك رسول، ابوطالب (كان يعرف بان محمد رسول الله) ئەمما شەهادەی پێ نەهینا، دە رسی سابیق بەحسی ئەوەمان کرد: کەلیمەی مەعریفە زانین زانین لە مەوضوعەك لە قەضییەك هەتا قەناعەتی پێنەیێ ئینسان، هەتا ئیمانی تەصدیقی نەکا بە فیعل، پاشی قەول و پاشی جینان بە ئیمان حیساب نییە، ابوطالب (محمد)ی ئەوها دەناسی دەشیزانی پێغەمبەرە، ئەمما ئیمانی پێنەهینا، کە ئیمانی پێنەهینا ئیذەن دەرەجەی تەعاروفی ابوطالب بە نسبەت پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم لە دە رەجەی تەعاروفی قەرابەتە بەس، نەك بوعدی ئیمانی، ئیمانیات تەدەخول ناکا ئەو، ئەمما نەزرەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەنسبەت ابوطالب نەء موختەلیف بوو، شەخصییەی دووەم کە پێغەمبە ر صلى الله عليه وسلم فەقدی کرد لە خاریجی دائیرەی ئیسلام ئەویش پاڵپشتەك بوو لەبۆ دەعوە، چونکی پاڵپشتەك بوو لەبۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ضمنەن لەبۆ دەعوە پالپشت بوو چونکی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ضمنەن حوسنی ئیستیفادە لە وجودی ابوطالبی دەکرد، ئیدی فوجئەتەن ئەویش فەقد بوو.

تاریخ حەیاتی پێغەمبەرمان صلی الله علیه وسلم لەگەر ئەو ئینسانە عەطوفە ابوطالب لەحەضات و لە قەطاتی زۆر خۆشی تێدا هەیە، زۆر جار پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە لایەنی عاطفییەوە لەبۆ ابوطالب چووە لۆوەی فیعلەن قەناعەتی پێبینی کە (محمد)ە کە رسولە کە نەبییە ئیمانی پێبینی، ئەمما دیارە کیبر و غروری ابوطالب زۆر بەقووەت بووە بوویتە پەرژین و صەد ئیمان نەگاتە قەلبی ئەو ئینسانە، زۆر لە لەقەطاتی ئیجتیماعی، لەقەطاتی ضوعف ئی ئەو ئینسانە، ئوموری نەفسی بە کارهینایە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە نسبەت ابوطالب ئەمما لم یقرر بما کان یطلب من.

هەتا ئاخیر لەحضە ابوطالب نەخۆش دەکەوی مرض الموت موجریمینی قورەیش وازی لێنااینن، ئەوها ئیحساس دەکەن ئیحتیمالە رسول الله ئیستغلالی حالەتی نەخۆشی ابوطالب بکا زوو بچی ئیقناعی بکا بیکاتە موسڵمان، ئیدی ئەو موجریمانە زوو خۆیان دێخنە ماڵی ابوطالب، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە پێدەزانی ئەوە لەسەر حالەتی نەزحە روح دەدا، دەچی دەرێ: عسی ولعلی بشکو ان شاءالله لعله یتفوه بکلمات کلمة الشهادة، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێیدەرێ: یا عما ئەوە دەبینی وە ضع و حالت کووە، لە چ حالەتەکی دای، مامە بەینی توو و بەینی ئاخیرەت، بەینی توو و جەهەننەم لەحەضاتە، یەکسەر مردی چاوت چوقاند دەچییە جەهەننەم (یاعما قل لااله الاالله)، (کلمة أشهدوا بها عند الله)، هەریەك کەلیمە هەر ئەوەندە برێ ابوجهل لەولای عوتبە و شەیبەش لە طەرەفی موقابل، دەرێ: اترغب عن ملة ابیك یاباطالب) دیارە کوفر حەریصە لەسەر نەفەر و عەناصری خۆی هەتا مردنیش وازی لێنایینی، دەبی ئیمانیش هەر ئەوها بی، بەعینی نەوع بی(اخر مایتوفا بە ابوطالب) دە لێ: (اموت وانا علی ملتی عبدالمطلب)، بە کافری دەمری.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئینسانەکی بەوەفاترین ئینسان دل پڕ رەحم بە رەحمترین ئینسان لەحە ضاتی ئەوەی لەبیر ناچی کە ابوطالب فیعلەن لە ناخۆشترین لە ئەزیەتترین لەقەطات پشتی پێغەمبە ری گرت صلی الله علیه وسلم، ئەوانەی هەموو لەبیر بووە، ئیدی مەحاوەلە دەکا اسغفار بکا لەبۆی، تەوبە و اسغفاری لەبۆ بکا، عسی ولعلی باری تەعالا لە گوناهەکانی خۆش بی و بە ئەهلی ئیمان حیسابی بکا، فەترەك پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم استغفار دەکا هەتا دەفەرمی: (لأستفرن لە مالم انهاعلیه)، ئیستغفاری لۆ دەکەم هەتا لێم مەنع دەکرێ، ئەوجە باری تەعالا ئایەت دادەبەزێنتە خوارێ: (ما كان للنبي والذين آمنوا أن يستغفروا للمشركين ولو كانوا أولي قربى من بعد ما تبين لهم أنهم أصحاب الجحيم) (التوبة: 113) ئیدی لێرە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم استغفاری ئینتیها پێهینا.

له دروسی سابیق ئەو بەعزە برایانەی کە مەوجود بوون لەبیریانە ابوطالب بە حەیاتی، بە ماڵی، بە پیری، بە جوهدی، بە منداڵی، بە عائیلەی، بە عەشیرەتی، بەو هەموو ئیمکانییەتانەی کە مەوجود بوو لەکنی وەکو ئینسانەك زۆر لە خزمەتی محمد بووە صلی الله علیه وسلم، لۆیەش ئەو پێغەمبەرە موبارەکە وەفییە ئەو خەطەواتانەی دەهاوێشت لەبۆوەی فیعلەن تەئمینی ئاخیرەتی لەبۆ بکا، لەگەر ئە وەش دیارە رۆژی قیامەت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە حەدیثەشکە دەفەرمی: رۆژی قیامەت طه لەب دەکەم لە باری تەعالا کە تەعذیبی ابوطالب بکاتە کەمترین عەذاب، کەمترین ئینسان لە عەذاب وەرگرتن لەناو ئاگری جەهەننەم ئەویش وەصفیشی دەکا شکلی عەزابەکەی دەلێ جەمرەك ئاگر لەبن لاقی دادەنێن مێشکی پێ دەکورێ، ئەوە کەمترین عەذابە بە نسبەت ئینسانی کافر، ئەو ئینسانەش کە لە خاریجی دائیرەی ئیسلام بوو شەخصی دووەم بوو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەقدی کرد فە وتی کرد.

بەحسی ئەوەشمان کرد لە دروسی سابیق کە ابوطالب کوو دەرگایەك بوو بە نسبەت قورەیش، بە نسبەت موشریکین، هیچ نەیانتانی روویان نەبوو دەست درێژی بکەنە سەر ذاتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە شەخص، ئیهانەی بکەن بە دەست، بەلێ یەك دوو جار هجومیان کرد ئیغتیالی بکەن شەهیدی بکەن، ئەمما نەك بە ئیهانە کردن هەتا ابوطالب مابوو، پاشی ابوطالب فەوتی کرد کوفار و موشریکینی قورەیش جورئەتیان لەبۆ پەیا بوو کە هجوم بکەنە سەر ذاتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ئەووەختی پاش فەوتی ابوطالب ئەوجە موشریکین دەتانن پیسایی باوێنە سەر شانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، یان پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە دەعوە دەبی لەناو بازاڕ کافرەك موجریمە ك دێتە بەرامبەری اهانتا لە، خۆل و لم و زیخی ناو بازاڕ هەلدەگری و هەلی دەداتە سەری، سەری موبارەکی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە خۆل دەبی، بازاڕ بەجێدێلی دێتە ماڵێ فاطمة سەری دە شوا.

فەقدی ئەو دوو ئینسانەی فەراغەکی زۆر لە دەعوە بە نسبەت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دروست دەبی، فەراغەکان یەکەمین ئەو دوو ئینسانانە خەدیجە خاصەتەن کە عەون بوو، کە موستەشارە بوو، کە مەلجەء بوو، بە نسبەت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، لە بابی ئیمانەوە لە طەرەفی ئیمانەوە فە قدی کرد پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ابوطالبیش لە خاریجی دائیرەی ئیسلام وەکو حامییەك حیمایەتی دەکرد لە کوفر، حیمایەتی دەکرد لە جەبەروتی قورەیش ئەویش فەقد بوو.

ئیذەن کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو دووەی لێ فەقد بوو نەفسییەن نەوعە مەشغەلەتەکی لەبۆ پەیا دەبی لە فەقدی خەدیجە، مەشغەلەتەکی شوبهە ئیمانی چونکی ئیمانییەن ئیستیفادەی لە خەدیجە دە

کرد خەدیجەش ئیستیفادەی لەوی دەکرد، ئەمما دەعەوییەن حیمایە لە خاریج فەقد دەکا، لۆیە قورەیش جورئەت دەکەن هجوم بکەنە سەری لەناو مەککە پیسایی حەیوان باوێنە سەر شانی، ئەویش لەناو سە جدەیە، یان لە بازاڕ ئیهانەی بکەن، هەتا ابوطالب مابوو کەس نەیدەوێرا ئەوها بکا، ئەوە کوفر مەدرە سەی کوفر ئەوە عادەتیتی دائیمەن لە داعی دەدا لە شەخصی داعی دەدا، کە لە شەخصی داعی دا ئیهانە کرا شەخصی داعی بە واسطەی تەوهینی شەخصی داعی دەعوەکە ئیهانە دەکرێ تەوهین دە بی، ئەوە صیفەتی کوفرە منذ القدیم.

ئەها فیرعەونی موجریم بە موسی دەڵێ: (لقد کنت فینا ولیدا) منداڵەك بووی منداڵی خۆمان بووی بە خێومان کردی، اهانة لە، ئێستاش دەعوەکی تازەت لەبۆ مە هینایە، نەفسی ئوسلوب کوفر ئیستعمالی دەکا لە هەموو زەمانەك، لە هەموو مەکانەك، لەبۆ تەشویهی دەعوە، لۆیە ئەوڕۆش مەثەلەن؛ گێمان لێدەبی فلان داعی لە فلان جێ ماسۆنی بوو، فلان داعی لە فلان جێ مەربوتە بە موخابەراتی فلان دەولەت، فلان داعی لە فلان جێ فلان حوملەی لەبۆ دێ ئی فلان دەولەتییە، نەفسی ئوسلوبە، لۆوەی فیعلەن ئەگەر هاتوو کابرای داعی تەوهین کرا ئیهانە کرا قیمەتی دەعوەکەی کەم دەبی، لۆیە موجریمین دائیمەن مەحاوەلەی ئەوەی دەکەن داعی ئیهانە بکەن، ئەگەر بەو خطوەیەی پێیانکرا ناجیح بوون لەو خەطوەیەی ئیدی رادەوەستن، نەخۆ محاوەلە دەکەن سجنیکەن تەعذیبی بکەن یان ئیغتیالی بکەن، ئەوە هەمووی بە مەراحیلە، لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم بەو مەراحیلانەدا هە مووی چووینە، ان شاءالله في عینهی دێینە سەری بە تەسەلسول.

پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئیحساسی بەوەی کرد کە مەککە کوفر موشریکین دەیانەوێ ضەختی شەخصی باوێنە سەر، بە مەفهومی تەوهین، لۆیە لە سیرە تەمەشا بکەن پاشی فەوتی خەدیجە و ابوطالب چ شەخصەکی ئەوها دیار و مەعروف نییە بێتە ناو دائیرەی ئیسلام، کأنە عەدی تەنازولی ئەو جارە دەستی پێکرد بە نسبەت دەعوە، لە خاریجی صەفی ئیسلامی حیمایە نما، یەعنی حالییەن کە ابوطالب نمایە کێ گەورەی بەنی عبدالمناف و قورەیشیەکانە لە طائیفەی پێغەمبەری؟ ابوجهل، ابوجهل دەبتە حامی پێغەمبەری، بە ناو، بە واقیع، عیلمەن ابوجهل دوژمنی هەرە گەورەی پێغەمبە ری بوو صلی الله علیە وسلم، لۆیە صلی الله علیە وسلم حیمایەی لە خاریجی دەعوە فەقدی کرد، دە عوەکە بەرەو تەنەزول دەڕوا، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم اصدار دەکا مەصدەری بەعثی دەعوە نەشری خۆی دەکا، ئەمما تەشویش هەیە لە وەسەط ناگاتە مصتقبر ناگاتە ئینسانی مەدعو، لۆ؟ کێ ئە و تەشویشەی دروست کردییە؟ کوفر، بە واسطەی چ؟ ئیعلامی خاریجی؟ نەء، ئیعلامی موضاد

ئیعلامی موعاکس هاتیته سەر ذاتی داعی، سەر مومەثلی دەعوە ئەویش پێغەمبەرە صلی الله علیه وسلم.

لۆیە هەر لەو فەترەیەی چەند پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چووبیتە ناو سوقی عوکاض، چووبیتە ناو قەبائیل، فائیدەی نەبووە، لۆیە لەناو مێشکی حالەتی ئەوەی دروست دەبی جێی دەعوە جوغرافییە تی دەعوە نەقل کا تەغیری پێبکا، لە جێیەك لەبۆ جێیەکیدی، لە مەنطەقەك لەبۆ مەنطەقەکیدی، ئەوە ان شاءالله لە دەرسی لاحق دێینە سەری.

باسی ئەوەی بکەین ئەوە هەمووی پێغەمبەر بوو، باشە صەحابە وەقعی ئەو حەوادیثە موئلیمانە لەسە ر صەحابە کوو بووە؟ مەثەلەن زید، خادمی پێغەمبەری بوو صلی الله علیه وسلم، هەتا لە فەترەك لە فەتەرات پێیاندەگۆ: زید بن محمد، زەیدی کوڕی حاریثە، ئەوەندە لەصیق بوو ئەوەندە موتەوازین بوو لەگەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێغەمبەر خۆی بەخێوی کردبوو، کو لەبۆ پێغەمبەر صلی علیه وسلم خێزان بوو خدیخە لەبۆ زەیدیش ئەوها داك بوو زەیدیش فەقدی خەدیجەی کرد، دیارە عیلاقەکی وەصیق هەیە، بەینی صەحابەکان لەگەر خێزانەکانی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم، لۆیە باری تەعالا بە امهات المؤمنین لە قورئان ذکریان دەکا، مەثەلە؛ هاتوچوی ئەو صەحابانە لەبۆ مالی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم طەبیعی بووە، لۆیە حالەتی تەماسی زەواجی باری تەعالا لە لوح المحفوظەوە ئیلغای کردییە، بە نسبەت خێزانەکانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەر موئمینین، هەموو موئمینین دەبنە کوڕەکانی خێزانەکانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، لۆ؟ لۆوەی عیلاقەت و ئیرتیباط ئیمانییەن دروست ببی لە بەینی صەحابە و بەینی خێزانەکانی پێغەمبەر، لۆیە لە پاشی وە فاتی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم تەرەدودی صەحابە لەبۆ ماڵی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە بۆ خزمەت عائیشە لەبۆ خێزانەکانی دی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم زۆر طەبیعی بوو کە کوو هاتوو چووی ماڵی داکی خۆیان دەکەن، نەفسی ئەدەب و نەفسی تەوقیر و ئیحترام مەوجود بوو، ئیذە ن ئیعتیباطی نییە باری تەعالا ئائەو صیفەتەی داکاتی دەداتە خێزانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خێزانەکانی پێغەمبەر بە نسبەت موئمینین.

لۆیە صەحابەکان لە ئەسنای ئیحتیاجیان بە تەلەقی دەعوە رۆژ بە رۆژ ئایات عەمودی لە ئاسمانێ دێتە خوارێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئوفوقی دەیداتە صەحابە بە تەسەلسول، حەتمەن دەبی ئیلتیقائیان هەبی لەگەر پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم، یەك لەو جێیە ئیلتیقائانە ماڵی پێغەمبەرە صلی الله علیه وسلم، ئیذەن دەبی حا جزنەمینێ بەینی صەحابە لەگەر خێزانەکانی پێغەمبەر، کو حاجز نەمینێ؟ دەبی دینییەن حایضەکە نەمینێ کێ ئیلغای حایضەکە دەکا؟ باری تەعالا قادیرە، لۆیە

باری تەعالا ئەو ئایەتەی نازل کرد، ئیذەن حاجەی یان شەوقی یان حوزنی صەحابەش وەکو حوزنی پێغەمبەرە صلی الله علیه وسلم بە نسبەت فەوتی خەدیجە، لۆیە نەوعە کەئابەك نەوعە غەمەك خەفە تەك هەموو صەحابەکانی داگرت، نەك کەئابە یان حوزن، تەمەشای حالەتی پێغەمبەر دەکەن صلی الله علیه وسلم کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە ئەیامی ئەوەلی فەوتی خەدیجە موتەئەسیرە، ئە وانیش موتەئەسیر بووبن، نەء، عیلمەن ئەوانیش داکی خۆیان فەقد کردییە، ئەو داکەی کە گوتمان کوو باری تەعالا ئایاتیان ئیلتیقا دەکا، ئەو داکەش بە عەطف و حەنان ئەوانەی ریعایەت کرد، ئیذەن صەحابەش نەفسی فەراغیان هەبووە.

بێینە سەر ئەوەی: پێغەمبەر و صەحابە لەو هەموو ئەلەمە لەو هەموو فاجیعانە کو خۆیان گرتییە؟ دە بی ئەسباب چ بی؟ خاصەتەن صەحابە، مەثەلەن عمار، داکی، بابی، لە پێشی شەهید دەبی بە قەناعە تی خۆی پێغەمبەر لە پێشی مەوجودە وە خەدیجەش داکیتی، ئیذەن کأنە داکی فەقد نەکردییە، مصعب داکی دەری دەکا عیلمەن قەریبترین ئینسان بوو بە رەحمترین و بە بەزەییترین ئینسان بوو لە صە حابە بە نسبەت داکی، داکی دەریدەکا ئیذەن داکی خۆی فەقد دەکا، داکی خۆی بزر دەکا ئیذەن مە حروم دەبی لە عاطیفەی داکایەتی، کە داك دەیداتە ئەو کوڕەی خۆی، کێ لەبیریتی؟ خەدیجە، وقس علی ذالك ئەبەو نەوعەی، صەحابی ئەو هەموو ئیبتیلاء و ئەو هەموو مەشاکیل و ئەو هەموو موعاناتانە، حەتتا موعاناتی فەقدی خەدیجە کە زۆر ئەلەم بوو لەسەریان، کوو تەحەمولیان کردییە؟ کوو تانیتیان بەرامبەری راوەستن؟ لۆ یەکەکیان زەعەزەعەکی ئیمانی لەبۆ دروست نەبووە؟ لۆ یەکە کیان تەدەخولەکی رەببانی موباشری طەلەب نەکردییە؟ کە باری تەعالا بنوع او بأخر ...تەدەخول بکا، سەیدی کەون سوننەی حەیات بگۆڕێ لەبۆیان، لۆ مەثەلەن خەدیجە لە ئەحرەجی حالات پێغەمبە ر صلی الله علیه وسلم فەقدی دەکا، لە پێغەمبەر ون دەبی لە ئەحرەجی حالات لە حیصار و نەفیە و حەزلە و هەرچی جائیزە ناوی لێبنێی ناوی لێدەنێی لەو حالەتەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فە قدی ابوطالب دەکا، لەگەر ئەوەش ئەوانە هیچ تەمەنونەك هیچ تەرەدودەك دوو دڵییەك شتەکیان بەسە ر دانەهات، دەبی سەبەبی چ بی؟ سەبەبەکەی بە تەصەوری من شەش نوقتەیە کە بە دروس ان شاءالله ذکری دەکەین لەبۆ مەی ئەوڕۆی موسڵمان زۆر ضرورییە وەکو غیذاء.

نوقتەی رەئیسی: ئیمانیان بە باری تەعالا، ئیمانی ئەو صەحابانە ئیمانەکی فیطری نەبووە وەکو ئیمانی فیطرەی عەوامی ئەوڕۆ، ئیمانەك ئەکادیمی نەبووە لە جامیعات فێربووبن، بە ناوی علومی کەلام و علومی اسماء و صیفات و تەوحیدی ربوبییەت و تەوحیدی ئلوهییەت و ئەو موصطەلەحانە ی کە مەوجودە ئەوڕۆ لە عیلمی عەقائید، تەبیب دەکرێ صەحابە ئیمانی حەیەوی ئیمانی واقیعییان

هەبووە بە باری تەعالا، ئیحساسیان بە سەدا سەد بە وجودی باری تەعالا دەکرد، بە هەموو ئەسمائی باری تەعالا ئیحساس بە هەموو ئەسمائی باری تەعالا، بە ئەدیللە و ئیثپاتا، مەثەلەن نادیرە گێمان لێیووبی صەحابە لە زەمانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم طەبعەن لەو صەحابانەی کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خۆی دروستیانی کردییە، ئەو مەجموعەیەی کە لە مەککەی و لە مەدینە دروست بوینە، نەك ئەو مەجموعەیەی کە پاشی فەتحی مەککە: (الذین یدخلون فی دین الله افواجا) نەك ئە وان، ئیننەما ئەوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خۆی لەگەڕیان ماندی بووە، ئەوانە کەبیرەك لێیان بەدەرنەکەتیە نوقتەکی ضوعف خەلەلەکی ئیمان، خەلەلەکی عەقیدە، خەلەلەك لە قەناعەت، خەلەلەك لە تەعامولی یەومی رۆژانە لە واقیع کە رەبتی هەبووبی بە ضوعفی ئیمان، لێیان صادیر نەبووە بە هیچ نەوعەکی، لۆ؟ چونکی فیعلەن بە واقع ئیمانیان بە باری تەعالا هینایە، کوو ئەمە ئێستا ئەو جە معە موبارەکە لە خزمەتتانین لێرە دانیشتینە بە واقیع لەمس دەکەین لە ماڵەك لە ماڵەکانی موبارەکی باری تەعالا، ئەوانیش ئەوها لەگەر باری تەعالا بەو واقیعییەتەی تەعامولیان کرد، خودا رەقیبە لە سەریان ئیحساسیان کردیە فیعلەن باری تەعالا رەقیبە لەسەریان، لۆیە تەمەشا دەکەین صەحابە بە عیلم غەشی نەکردییە هیچ، خیانەتی نەکردییە هیچ، هیچ صەحابەك، بە عیلم بە ئیرادەی خۆی غەشی نەکردییە، خیانەتی نەکردییە حەتتا لەگەر کافریش، درۆی نەکردییە حەتتا لەگەر کافریش، لۆ؟ چو نکی بە هەموو قەناعەتەك ئیحساسی بەوەی کردییە کە باری تەعالا دەبیینی رەقیبە لەسەری، (ان الله یرا، ان الله سمیع، ان الله بصیر، ان الله موجود)، هەموو ئەسمائی باری تەعالا نەك لە کوتوبی عیلمی کەلام وەریانگرتبی نەء، بە واقع لەمسیان کردییە، لۆیە ئاثاری وەی هەتا زەمانی ئیمامی ابوبکر و ئیمامی عمر هەر مەوجود بوو.

لە زەمەنی خیلافەی ابوبکر رەزای خوای لێبی، ئیمامی عمر قاضیە شەش مانگ قەضاء دەکا یەك صەحابی ناچی موشکیلەکی خۆی طەرح کا لەکن ئیمامی عمر، لۆیە دەچی ئیستیقالەی تەقدیم دەکا لە لای خەلیفە، دەرێ: ئەو مەعاشەی کە ئەمن وەردەگرم مەعاشەکە لە من حەرامە، چونکی ئەدای وە ضیفەی خۆم ناکەم،لۆ سەبەب چ بووە؟ دوو صەحابی موشکیلەیان نەبووە بچنە خزمەت قاضی شە کوای خۆیان تەقدیم بکەن، چونکی لۆ؟ خودایان کردتە رەقیب لەسەر خۆیان، خودایان کردتە حاکم لە سەر قەلبی خۆیان و دڵی خۆیان، لۆیە: (اصلح ومابینهم وبین ربهم فاصلح الله لە مابینهم وبین غیرهم) نوقتەی رەئیسی ئەوە بووە، لۆیە هەرچی مەشاکلیان تووش بووە فی سبیل الله لایان بەصیت بووە سەتحی بووە.

نوقتەی دووەم: قیادەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئوسووەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، بە نسبەت خۆیان کە شەخص کە صەحابە، وە بە نسبەت صەحابە کە محمد رسول الله صلى الله عليه وسلم، ئەو ئینسانە نازدارە هەتا ئێستا ئەوە نزیکەی لە خزمەت ئەو برایانە سی و قصور دەرسە، ئەو ئینسانە ئێستا بە دەرس ئەمە وەردەگرین ئەوان حەقیقەتەن دیتیتیان، حەقیقەتەن تەماسیان لەگەری هە بووە، عیلاقەی شەخصیان لەگەری هەبووە، لەو حەیاتەی لەو واقیعییەتەی لەگەری ژیاینە، یەعنی ئیحتیاجیان بە چ ببی دەبینن مەکشوف؟ الله بەو هەموو جەبەروت و عەظەمەت و کیبریائەی خۆی ئیتصال بەو ئینسانەی دەکا بە واسطە جبریل، دەیبینن بە چاوی خۆیان، بە چاوی خۆیان ئیحساسی پێدەکەن، بە حەواسیان حەواسی ماددیان لەمس دەکەن ئیستشعاری پێدەکەن، ئەوە بە نسبەتە خۆیان، بە نسبەت پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم، عاکیسەك بووە لەبۆیان، وەکو ئاوێنەك هەرچی ئیجابیات بووە لە باری تەعالا وەریگرتییە عەکسی کردییە لەبۆ وان، دایتییە وان، لۆیە ئەوانیش بە ئەخلاقی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێش قەولی پێغەمبەر موتەخەلیق بوینە تەمەشا دەکەن ئەو رەسولە نازدارە عەظیمە وەکو بزمار چەند چەکوچ بێتە سەری راستە سەری ئەزیەت دەخوا ئەمما بەقەد ضە ختی چەکوچەکەی بزمارەکە ئەوەندە زیاتر لەناو دارەکەی گیر دەبی، ئبتیلاء ئائەو ئینسانە نازدارە ئە وها تەنقیەدەکا و خاوێنی دەکا، ئیدی مومەثیلیانە، بەینی خۆیان و بەینی باری تەعالا هەر ئەوە، بە ینی خۆیان و بەینی واقع هەر ئەوە، لە هەموویان زیاتر بە ئەزیەت و لە ناخۆشی دابووە، لەوی دەرسیان وەرگرتیە.

سێیەمین: شعوری موسڵمانەکان بە ئاخیرەت، ئەگەر مولاحەزەی ئەوەی بکەن، قورئان زۆر بە مەکشوفی موعالەجەی ئەو مەوضوعەی دەکا، لە زۆران جێ لە قورئان باری تەعالا ئیمان هینان بە خۆی رەبط دەکا بە ئیمان هینان بە رۆژی ئاخیرەت، چونکی قەضییەکی جەذری و رەئیسییە هەموو ئەدیانەك ئەگەر لەسەر (محمد)یش لەسەر قورئانیش ئیتیفاق نەکەن ئەمما لەسەر يوم الاخرة هەمووی موتتەفقین، بە مەسیحی، بە صابیئە و بە یەهودی و بە زەمەنی حەزرەتی نوح و بە نازانم چ... حەتتا ئەگەر یەهودی ئەورۆ ئەگەر ئیمان بە يوم الاخرة بینن مەسیحی ئەورۆ ئیمان بە يوم الاخرة بینن لە گەر وان موتتەفیقین لەو مەوضوعەی، ئیدی قەضییەکی جەذری لە مەوضوع، ئیختیلافاتی تێدا نییە، ئەو صەحابە موبارەکانە بە حەقیقەت رۆژی قیامەتیان لەمس کردییە، ئیحساسیان بەوەی بووە کە فیعلەن کوو ئەورۆ دەژی رۆژە پاشی ئەو رۆژەی شەو دێ، کوو ئێستا تێرن پاشی ئەو تێراتییەی برسیاتی هەیە، ئەوهاش ئەو حەیاتە فەوتی لەدووە مردنی لەدووە، ئەو حەیاتە حیساب و کیتابی لە دووە، ئیحساسیان ئەوها بەو حیسابییەتەی کردییە (يوم الاخرة) زۆر جار باری تەعالا لە قورئان ذکر دەکا: (يوم الحساب) ئەو حیسابە و ئەو حیسابیەتەی ئەوها چەقاندیتی پێغەمبەر صلى الله عليه

وسلم لە قەلبیان لە دەرونیان، بەحسی زەڕە و ئەوئەصغر من زەڕە ئیحساسیان پێکردییە و لەمسیان کردییە، ئیدی ئەوە بویتە واقیع لە حالیان، لۆیە هەرچی مەشاکیل و مەصاعیبی دونیاش هەبووە بە نسبەت رۆژی قیامەت هیچ نەبووە لە پێشیان.

رۆژی قیامەت طەبعەن حەتتا کە موئمینین لەحەضاتی رۆژی قیامەت ئەزیەت و ئەشکەنجە و ناخۆشی و... لەقەطات هەیە لە قورئان لە ئەحادیث کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ذکری دەکا، یان باری تەعالا لە قورئان بەحسی دەکا و تەصویری لەبۆمان زۆر رۆژەکی مەهیبە، لە: (یوما یجعل الولدان شیبا) ولدان ئیدی دیارە ئەو صەحابانە ئەو حالەتە ئیستشعاریانەیان لەکن زۆر موجەسە م بووە، نەك وەکی مە حالەتەکی تەثقیفییە، حالەتەکە ئیستیجابە و مەعلوماتە، حالەتەکە نازانم سبحان الله زۆر رەکیبە، شەفافییەتی تێدانییە، رەونەقی تێدانییە، لەمسی ئەوەی پێناکرێ فیعلەن ئەو ئینسانە فیعلەن خوا هەیە، کە خوا هەیە رۆژی قیامەتیش هەیە، رۆژی حیساب هەیە، لۆ ئەو موسڵمانە یان ئەو کابرایە موتەدەینە ئیحساس بە وەی بکا کە ئەوە واقیعە و فیعلەن مەوجودە ئیستشعاری پێ بکا، ئە مما صەحابە نەء ئیستشعاریان بەوەی کردیە.

نوقتەی چارەم: قورئان، شەفافییەتی ئەو قورئانەی، حادیثییەتی ئەو قورئانەی، ئافرەتەك لە ماڵی خۆی لەگەر مێردی موشکیلەی دەبی، کێ تەدەخول دەکا؟ جیرانی؟ خزمی؟ نەء خوا، خوا تەدەخول دەکا موشکیلەك لە بەینی ژن و مێردەك دروست بووە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێینازانی، جیران پێینازانی مناقەشەکە بەس لەبەینی ئەو دووەی مەوجودە باری تەعالا تەدەخول دەکا: (قد سمع الله قول التی تجادلك فی زوجها وتشتكی الی الله والله یسمع تحاورکما) (ما یکون من نجوی ثلاثة إلا هو رابعهم ولا خمسة إلا هو سادسهم ولا أدنی من ذلك ولا أکثر إلا هو معهم) (المجادلة: 7) معیةالله، بە چ؟ بە واسطەی قورئان، بە واسطەی قورئانی لەمسیان کردییە، ئەمەش قورئان مانگێ جارەکیش ئەوسەر و ئەوسەری بکەین وانازانم محتەوا لە ئیمان زیاد ببی، (وإذا تلیت علیهم آیاته زادتهم إیمانا) (الأنفال: 2) ئەمما ئیمان وەکی ئیمانی ئەو صەحابەیە؟

پاشان شعور بە مەسئولییەتی صەحابی: ئیحساسی بەوەی دەکرد ئینسانی صەحابی کە ئەوەی هاوێشترایتە سەر شانی زۆر لەوەی گەورەترە زۆر لەوەی عەظیمترە کە حیساب بە دونیا بکرێ، یان حیساب بە حەیات بکرێ بە نسبەت بە ذاتی ئینسان بە شەخصی ئینسان، بەشکو لەوەی زۆر موهیمترە، دوو ڕێشی لەپێشە: یان فیعلەن خۆی بداتە بن مەسئولیەتەکە، ئەدای مەسئولییەتەکەی دە کا، واجباتی دینی، ئەوامری رەببانی تەطبیق دەکا یانیش فیرار دەکا لە مەسئولییەت، ئەمما چونکی رۆژی ئاخیرەت شەفافە لەپێش چاوی، لەپێش چاوی وەکو نەك فلیمی ڤیدیۆیی نەك وەکو سینەما، نەء

حەقیقەتەن تێیدا دەژی، ئەو صەحابییە لە ڕۆژی ئاخیرەت حەقیقەتەن تێیدا دەژی، ئیذەن ئەگەر فیراری کرد لە مەسئولییەت خۆی خۆی دەبینی باری تەعالا چ نەوعە موحاسەبەك و موعاتەبەکی دە کا ڕۆژی قیامەت، لۆیە ئەو شعورە لەناو قەلبان زۆر بوو، دەیگۆ: موشکیلە نییە حەیاتیشم لەسەر دادەنێم با شەهید ببم، ماڵم لەسەر دادەنێم با فەقیر ببم، ئیصراحەتی خۆم لەسەر دادەنێم با ماندی ببم موشکیلە نییە، ئەمما رضوان الله تەحصیل کەم، ئەقەلەن بە ڕوو ڕەشی نەچمە خزمەت باری تەعالا.

نوقتەی شەشەم: ئیحساسیان بە سەدا سەدی بەشکو سەدا ملیۆنی نەجاحی ئەو ئیسلامەی، کەدەرێ ئیسلام ناجیح دەبی ماتەبەقا هەمووی دەکەوی هەمووی فەنای لە دووە، چونکی باری تەعالا فێریانی کرد تەربیەیانی کرد لەسەر ئەو مەفاهیمانە، هەر قورئانی باری تەعالایە لەسەر ئەو خۆشەویستە ماندا دەهاتە خوارێ، کە دەفەرمی: (ولقد كتبنا في الزبور من بعد الذكر أن الأرض يرثها عبادي الصالحون) (الأنبياء:10 5) (ان هذا لقول، الى اخر الاية) نالێ فلان مەوقعی جوغرافی، نالێ فلان جێ، مصر، جزائر، افغانستان، عیراق، کوردستان... دەفەرمی: (ان الأرض يرثها عباي الصالحون) (إن في هذا لبلاغا لقوم عابدين، وما أرسلناك إلا رحمة للعالمين) (الأنبياء: 107-106) ئینسانی صە حابە بە هەموو قەناعەتی سەدا سەد تەعامولی لەگەر ئەو موفرەداتانە دەکرد، لۆیە نابینی صەحابییەك تەرەدودی هەبوبی ئەوە هەمووی دەرسەك میحەنانە لەبۆ مەی گەنج شەبابی صەحوەی ئیسلامی ضرورییە وەکو نیبراسەك ئیستیفادەی لێ بکەین، ئیشعاعاتی حەیاتی ئەو پێغەمبەرە نازدارە و ئەو صەحابە موبارەکانە، حەیاتی خۆمان پێ تەنویری و موبارەك بکەین.

اقول قولی هذا، واسغفرالله لی ولکم، سبحان ربك رب العزة عما يصفون، والسلام على المرسلين، والحمدلله رب العالمين.

موناقەشە، تەعلیق، سوئال، حیوار...

(یەکێك): مامۆستا ئەدی اباذر صەحابی نەبو قسەی ناڕێکی بەبیلال گۆ؟

(مامۆستا): هەر جەوابی بەو حادیسەی ابوذر ڕەحمەتی خوای لێبی، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمی: (یا اباذرأنك أمرء فيك جاهليه) یەعنی علمی نەبووە بە مەوضوع نەك کبری هەبووە، لۆیە ئەو غەرەتەی کردییە، جاهلییەت کەلیمەی جاهلییەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم مورادفی فەهمی ئیسلامە بە صەحیحی، دیارە ئەو صەحابەیە لەو مەنطەقەی عیلمی بەو مەوضوعەی نەبووە، لۆیەش سەری لەسەر عارد دادەنێ دەفەرمی و(الله)ی هەری ناگرم هەتا بیلال بە نەعلی پێ لەسەر دانەنێ، ئەخطاء هەبووە لە صەحابە ئەخطاء، ئەمما گوناهەکانیان ئەوها بووە وەکی مە شەکرۆکە خواردن

بی وەنییە؟ مەثەلەن ئەمەی موسڵمان ناکرێ زینا بکەین، موحتەمەلە پێمان بکرێ زینا بکەین، ئەمما و(الله)ی لەبەر عورف و عادەت و زۆر جار لەبەر عەیبەش زۆر جار سەبەبە کە گەنجی موسڵمان گوناه ناکا، راستە سەدا پەنجا ئی چاکیتی، ئەمما ئەو نوقتەیەش موهیممە، ئەوانەی ئەو برایانەی کە ئێستا صاحێب ڕدێنن ئەگەر لەبیریان هەبی اسبوعی یەکەم حەفتەی یەکەم کە ڕدێن بەجێدێلن ئیحساس بەوەی دەکەن ڕدێنەکە لە زۆر شت بەدووریان دێخی، ئیحترامەن لەبۆ ڕدێنەکەی ڕدێنەکەی هەتا وەیلێدێ ڕدێنەکەی دەبتە عادەت نەك عیبادەت، ئەو حالەتە هەیە،ئەو شتەش هەیە لەناو موسڵمانانی ئەوڕۆ بەلادەت لە ئموری ئیسلامی.

کابرای صەحابی تووشی خەطەء بووە ئەمما نەء خەطەئەکی ئەوها عەظیم و گەورە، یەکەمین: جاهیل بووە بە مەوضەع، ئەگەر گوناهی نەکردبا ئەگەر خەطەئی نەکردبا باری تەعالا تەدەخولی نە دەکرد ئەو مەوضوعەی موعالەجە بکا، مەثەلەن ئەو صەحابەی کە بەحسم کرد ئێستا ئەزیەتی خێزانی خۆی دەدا، خێزانی شەکوا دەکا لە باری تەعالا، یارب یارب... باری تەعالا تەدەخول دەکا، ئەگەر ئەو موشکیلەیە نەبایە باری تەعالا تەدەخولی نەدەکرد مەوضوعی حاجەت لەو دائیرانە دایە.

ئەمما ئەمە کە گوناهـ دەکەین مەثەلەن باری تەعالا بە مەی گۆتییە: غیبەت مەکەن، وەنییە؟ لۆ ئەمە غیبەت دەکەین؟ (أیحب أحدکم أن یأکل لحم أخیه میتا فکرهتموه) (الحجرات:12) لۆ دەیکەی؟ ئەمە خۆمان دەرێین: (ومن لم یحکم بما أنزل الله فأولئك هم الکافرون) (المائدة: 44) یەقەی طوغاتی ئە وڕۆ دەگرین، ئەمە خۆشمان تەطبیقی ناکەین لە ناوەخۆمان، ئەوە ئایەت نییە لۆ تەطبیقی ناکەی؟ لۆ حوکم ناکەین بەو ئایەتەی لەسەر خۆمان؟ لۆ بوهتان لۆ یەکتری پەیا دەکەین؟ لۆ عەیبەی یەکتری کە شف دەکەین ئەوەش لەسەر مە نەفسی مەفهومە (ومن لم یحکم) کەلیمەی حوکم: (اذا قضا الله و رسوله) (اذا حکم الله ورسوله) (اذا امر الله ورسوله)، ئەمری نەکردییە باری تەعالا؟ لۆ موسڵمان غە یبەتی موسڵمان دەکا؟ لۆ موسڵمان موتتەهەمی موسڵمان دەکا؟ لۆ موسولمان مەحاوەلە دەکا یان دەیە وێ یان حەز دەکا موسڵمان بکەوی، بەلێ ئەوە ئیمان ضەعیفە، ئەوە نەقسە لە ئیمان، ئیمان دەبی لێرە موراجەعە بکرێ.

ئەوجە ئەو ئیمانە کە ئێستا دەرێین بابی غەیبە، ئیمان خۆی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەقسیمی کردییە لەبۆ شێست و قسور چەکمەجە، (شعبة) عاردی ئەو چەکمەجەیەی ئەو هەموو چەکمەجانە عاردەکەی (لا اله الا الله)یە، ئەو (الله)ی کە صەحابە ئیمانی پێهینایە، نە ئەو (الله)ی کە کوتوبی عە قائیدی موتەفەلسیفە لەبۆمان بەحسی صیفاتی سلبی و ئیجابی ئەسمائی باری تەعالا دەکا، کە کوو قە زوانی دەخۆین، کە کوو کیتابەکی ثەقافی دەخینین، کیف ندعوا الی الاسلام، کیتابی عەقائیدیش ئەوها

دەخينين ئەمە، لەمە وابى (الله(يەك زائيد يەك دەكا دوو، ئەوها نييە،(الله) شعور و ئيشعارە(الله) حالە تەكى حەقيقييە ويژدانييە، لۆيە حەتتا لە عيبادەتى خۆمان ئەمە خۆشى نابينين ئيستسفادەى لىّ ناكەين، مەثەلەن؛ نوێژ، ئيستيفادەى لىّ ناكەين، قاعيدە هەيە ميزان هەيە: (ان الصلاة تنها عن الفحشاء و المنكر) (الفحشاء و المنكر) دوو شتە يەك شت نييە، بارى تەعالا لۆيە هۆردووكى پێكەوە لەو ئايەتەى هينايە، موفەسرين لە تەفاسير زۆر بەسەرى داچووينە.

لۆيە صەحابە دەيگۆ: ئەگەر بهاتبا گوناهەكم بكردبا جەهلەن، لەبەينى نوێژى سبەينىّ و نوێژى نيوڕانىّ يەقينم هەبوو نوێژى سبەينێم تەواو نەبووە نەقصى هەبووە لۆيە ئەو گوناهەم كرد، ئيذەن ئە وها بووە، ئى مە نەوعيتكەيە لە نەوعييەت موختەليفە.

(يەكێك): مامۆستا لۆ ابوطالب لەسەرەمەرگيش بەقسەى پێغەمبەرى نەكرد كە زۆر خۆشيشى دەويست؟

(مامۆستا): پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم كە چووبووە ماڵى ابوطالب دەعوەتى دەكرد لەبۆ ئيمان، سىّ چار نەفەر لەوىّ مەوجود بوون ابوسوفيان و عوتبە و شەيبە و ابوجهل، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەيگۆ: (يا عما قل لا اله الا الله احاج لك بها عندالله) ئەوان يەكسەر هەرسێك پێكەوە: لا لا تقلها لا تقلها، هەتا بارى تەعالا لە سورەتى (ص) جوابى جەنابت دەفەرمى اعوذ بالله من الشيطن الرجيم، بسم الله الرحمن الرحيم: (ص والقرآن ذي الذكر، بل الذين كفروا في عزة وشقاق، كم أهلكنا من قبلهم من قرن فنادوا ولات حين مناص، وعجبوا أن جاءهم منذر منهم وقال الكافرون هذا ساحر كذاب، أجعل الآلهة إلها واحدا إن هذا لشيء عجاب، وانطلق الملأ منهم أن امشوا واصبروا على آلهتكم إن هذا لشيء يراد).